کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 16:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوعا خانم: ئیدی هەرگیز زەهری دەستی پیرە قەواڵ ناخواتەوە ... هێدی

**هەولێر**

ئەمشەو نانوم، تا خەناوکەی خەونەکانی دوعا خانم نەچنمەوە
ئەمشەو نانوم، ئەم پەژارە پەژموردەیە ئەلاوێنم
ناخی دەریا و هەیبەتی کێو
دار و بەردیش ئەهەژێنم
قاوە قاوی کەڕەمسۆ بێ دەنگ ئەکەم
بێدەنگی بە گریان دێنم
ئەمشەو نانوم
ڕەنگێکی خەمناك بۆ بەهار ئەدۆزمەوە
لەگەڵ هەناسەی ناکام و
قیژەی خنکاوی دوعا خان پێك دێینەوە
ئەمشەو نانوم، خزمەتی تاڵانکراوم دەهێنمەوە
چی پولەکەی ئەشکم هەیە دەیبارێنم
هەرچی گەڵای خەندەم هەیە دەیوەرێنم
بەرگێکی ئاودامان دەچنم
پرزۆڵ پرزۆڵ زامەکانی دوعای تەزیو دەپێچمەوە
ئەمشەو نانوم، تا پۆلە داڵ و گوخلێنکە
لەسەر جەستەی نەبەزیوی ونجڕ ونجڕکراوی دوور دەخەمەوە
ئەمشەو نانوم، شیعرم دەکەمە قەیاغ و بە ئەسرینما
بەرەو گۆڕە تاقانەکەی دوعا خانم دەپەڕمەوە
بە هەنسك و کسپە کسپی برینمەوە
بە هەناسەی تاسێنراو و داخی کۆست و تەزینمەوە
ئەمشەو نانوم، دڵی دوعا ئەدەمەوە
ئەمشەو نانوم
وردە شوشەی هەستی دوعا
کریستاڵی نیگای بێ دەربەستی دوعا
بۆ ئاوێنەی باڵانمای شیعرەکانم دەچنمەوە
ئەمشەو نانوم
بە هوروژم و شەپۆلی خوێنی دوعا خان
لەسەر کزە بای شاشەی بلورینی
لەسەر دوا تیشکی سەرنجی ئاگرینی دوعا خانم
دونیایەك چیرۆکی خەمناك
بۆ شارێکی نائومێد و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ شەقامێکی دەم مردوو..
بۆ بەهارێکی دڵ مردوو دەنووسمەوە
ئەمشەو نانوم
هەموو برینی دەقبەستووی کەلەپورم دەکولێنمەوە
تا بزانم کامیان دەگاتە قولەپێی خەمی دوعا
ئەمشەو نانوم
دوا پەیامی دوعا خانم
ڕحدٌ.. ڕحدٌ.. و یا لیت.. دەنووسمەوە
ئەمشەو نانوم
مەرگەساتی دوعا خانم
لەسەر دەفەی شانی مێژوو
لەسەر سنگی کۆتری سپی
لەسەر شاباڵی قولێنگ و
شنە شنی پەپوولە و گوڵ
لەسەر تاڵە ئاڵۆسکاوەکانی گزنگ
لەسەر تریفەی خەمناك و وورشەی تەزیو
لەسەر شفرەی کرۆمۆسۆم و
لەسەر شفرەی ڕوو لە قولایی ئاسمان
لەسەر هاژەو شەپۆلی ئاو
لەسەر قولپە قولپی کانی
لەسەر ێەبا و خۆرەتاو و هەوری ڕێ دوور
لەسەر گشت سایتێکی ماقووڵ دەنووسمەوە
تا ببنە خەونی زارۆك و
خەمی هەمیشەیی میر خاسان
ئەمشەو نانوم، تا بزانن ئەم خونچەیەی سروە بایەکی نەدیوە
ئەمشەو لەپای چی وەریوە؟
نانوم ئەمشەو
خەونی دوعا بۆ خەونامەی ابن سیرین دەگێڕمەوە
خەمی دوعا بۆ خەمنامەی کەشکۆڵی ژین دەگێڕمەوە
ئەوسا یوسف لە زیندان و لەناو قولایی بیرەوە
پێمان دەڵێ:
دوعا خانم ئیدی هەرگیز پیشی غوربەت ناخواتەوە
ئیدی هەرگیز خورپەیەکی بەرەو لاشەی ناڕواتەوە
ئیدی هەرگیز زەهری دەستی پیرە قەواڵ ناخواتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.